# نامەیەکی کەریم عوسمان بۆ ڕەووف بێگەرد

ئەم نامەیە هونەرمەند کەریم عوسمان لە ١٩٨٧/٥/٩ دا لە هەولێرەوە بۆ ڕەووف بێگەردی ناردووە

بـرای بە ڕێزم کاک ڕەووف
ئەم کاتەت شاد
ڕێزو سلاوم بۆ بەڕێزتان
گیانەکەم نیازمان وایە وەرزێکی ڕۆشنبیری بۆ چیخۆف ساز بدەین، بریتی بێت لە چەند دراسەیەک لەسەر لایەنەکانی چیخۆف لەگەڵیا ئەو کورتە چیرۆکەی بەڕێزتان وەرتان گێڕاوە کەمانچەی ڕۆچیڵد و بەکر ڕەشید بۆ شانۆ ئامادەی کردووە عەرزی بکەین، واتە وەرزەکە لێکۆڵینەوەیەی ڕۆشنبیری و ئەدەبی و هونەرییە بەگشتی لەسەر چیخۆف، ئێوەشمان بە پێویست زانی کە باسێک لەسەر چیخۆف بە ئارەزووی خۆت ئامادە بکەیت و خۆیشت سەرپشک بە لەوەی برادەرێکی تریش تکلیف بکەیت بۆ لایەنێکی تری ئەوا چاکترە، جگە لەمەش بە کتابی ڕەسمی بۆت نووسراوەو لەم بەینەدا پێتان دەگات، ئێمە تەنها چاوەڕوانی ئامادەبوونی ئێوەین بۆ ئەو وەرزە، لە هەولێر تەنها باسێک هەیە ئەویش کاک (حەیدەر عەبدولڕەحمان) نوسیویەتی.
جا تکایە بەزووترین کات لە ئامادەبوونی خۆتمان یان ئامادە نەبوونتان ئاگادارمان بکەن.
نازانم بە شێرزادحەسەن دا هەمان شتم بۆ ناردی کە پێت رابگەیەنێ ئایا وتوویەتی یان نە.
ئیتر هیوادارین ماوەتان هەبێت بۆ بەشداری بوون حەزیش ئەکەین وەرزەکە بکەوێتە پێش تەواوبوونی جامعە.
دیسانەوە سوپاستان ئەکەم هەر بژیت ڕێزو سلاّم بۆ کاک مستەفاو برادەرانی تر هەیە.
براتان

کریم عوسمان
٩٨٧/٥/٩



# نامەکانی ڤانکوخ

## نامەی ٣٠

وەرگێڕانی لە فارسییەوە: سالار مەجید



تیوی ئازیز :

لە دواهەمین نامەمدا سەبارەت بە کەتەلۆگی سالۆنی ( نمایشگە ) بۆم نوسیوبوویت، کە ئەگەر توانیت ئەو کەتەلۆگەم بۆ پەیدا بکەیت , بەڵام ئەگەر پەیداکردنەکەی بە نسیبمان نەبوو ئەوە نیگەران مەبە ئەوەندەش گرنگ نیە .

بـــەڵام کـــاغـــەزی ( ئەنگەر ) بۆ وێنەکێشان لە پێداویستیە گرنگەکانی ژیانمە، کە هەر کاتێک ویستت بێیتە لام یان هەر کاتێک کە بۆت کرا ئەوا لە ناردنی ئەو جۆرە بێبەشم مەکە .

خۆم برێکی چاکم لەو کاغەزە وەک زەخیرەیەک لە (بروکسل ) ەوە لە گەڵ خۆم هێنابوو، بەڵام بە داخێکی گرانەوە ئێستا یەک پارچەشم نەماوە و هەرهەمویم تەواو کردوە .

تیوی ئازیز بە چێژێکی زۆرەوە لەسەر ئەو کاغەزانە وێنەم ئەکێشا, ئەو کاغەزانە بۆ هێلکاریەکانی من کە بە قەلەمی قامیش کار ئەکەم زۆر زۆر باش بوو , لێرە لای خۆم کاغەزی ساف دەست ئەکەوێت ( کاغەزی جۆری زبر و باشپش لێرە دەست ئەکەوێت، بەڵام بۆ هێلکاری و سکێچ گران ئەکەوێت , لەوانەیە نرخی هەر کاغەزێکی ئەنگەر دە سانتیم بێت )

بە هەموو تواناتەوە هـەوڵ بدە تا ئەتوانیت لەو کاغەزەم بۆ بنێرە ئەگەر نەتتوانی زۆرم بۆ پەیدا بکەیت ئەوا هەرچەندێکت دەســت کـەوت بۆم بنێرە, ناردنی ئەو کاغەزانە بۆ من لە هەموو شتێک زیاتر شادمانم ئەکات
ڤنسنت ڤان کوخ